# بەرنامەی (بێدارانی شەو) دەلاقەیەکە بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێ دەروونیەکان..؟؟

کۆمەڵی ئێمە بەهۆی ئەوزەمینە هوشیاریە لاوازەی کەهەیەتی بەتایبەت لەبواری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، گرفتی زۆریش لەم بوارەدا دروست دەبێت لەبەرئەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەك پرگرێوگۆڵ وپرگرفتە کە تاکی گیرۆدەی دەیان گرفتی دەروونی و ڕۆحی کردووە ، هەر ناوەندو کەناڵێك کە بتوانێت دەلاقەیەك بەڕووی ئەم گرێو گۆڵ و گرفتە دەروونیانەدا بکاتەوە، پێشوازی‌یەکی زۆری لێدەکرێت وهاوکات کێشەی زۆریشی لێ دەکەوێتەوە بەهۆی ناهوشیاری زۆرینە لەمامەڵەکردن لەگەڵیدا، هەروەك ئەوکێشانەی لەموبایل پەیدا بوون و دەبن، یان ئەو بەرنامانەی ئێستا لە ئیستگەکانی رادیۆوەو بەتایبەت بەشەو پەخش دەکرێت، دیارە ئەم بەرنامانە کەناڵێکی گرنگە بۆ بەتاڵکردنەوەی ناخی تاك و هاوکات، کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوشوێنانە کە من تاك بتوانێت گرفتە تایبەتیەکانی تیا باس بکات و لەگەڵ ئەوەش دا متمانەی ناومرۆڤەکان ئەوەندە لاوازە کە ناتوانن پشت بەیەکدی ببەستن ، ئەمانە چەند هۆکارێکن لەوهۆکارە گرنگانەی کە چەندین بەرنامەی وەك سۆزی هاوسەری و ئامێزو بێدارانی شەوی کردۆتە پرجەماوەرترین بەرنامە، بەڵام دیارە ڕووکردنە ئەم بەرنامانە لەلایەن هاووڵاتیەوە ، گەر لەلایەك هاوڵاتی و لەلایەك پێشکەشکاری بەرنامەکە پاشخانێکی ڕۆشنبیری وایان نەبێت، کە دەرکی هاوڵاتیان و کێشەکانیان بکات، لەوانەیە کێشەش دروست ببێت، لێرەدا بەرنامەی (بێدارانی شەو) لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان کە لەدوای (١١)ی شەوەوە دەست پێدەکات وەردەگرین، ئەم بەرنامەیە تایبەتە بەو گەنجانە یان ئەو کەسانەی کە هۆکارێك بێداری کردوون، لە ڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە هەندێك لەو بێزاریانەی خۆیان کەم دەکەنەوەو پشویەك بە مێشکی خۆیان دەدەن، وەك لەسەرەتا ووتم بەرنامەکە تایبەتە بە کۆمەڵێکەوە نەك هەر کەس هەستێت بۆ خۆشی خۆی پەیوەندی بکاتو ئەم پەیوەندیەش ببێتە هۆکار بۆ تێکدانی پەیوەندی خێزانیو کێشەو گرفتی لێبکەوێتەوە، ئەمەش ڕویداوەو خێزانێك وا خەریکە بە بۆنەی ئەوەوە لێك جیادەبنەوە لە کاتێکا ئەو خێزانە منالی گەورەشیان هەیە، کە ئەمەش دووبارە نانەوەی کێشەیەو بریندارکردنی سوچێکی تری کۆمەڵگاکەیە، دیارە مەبەستم لەم سەرنجە ئەوەنیە کە بڵێم ئەم بەرنامەیە نەبێت،بەڵکو ئەوەیە کە ئەگەر هاوڵاتیانیش بەهۆی ناهوشیاریەوە کەوتنە هەڵەیەکەوە لەگێڕانەوەی گرفت وکێشەکانیان دەبێت پێشکەشکار بەئاگایی بێنێتو هوشیارانە خەتی گشتی قسەکانی ئەو هاوڵاتیە بگرێتەوە بەجۆرێك کە لەجێگای ئەوە هاوڵاتیەکە کێشەکەی چارەسەر بێت کێشەی بۆ دروست نەبێت.

**مەستورە مەحمود**

# فرە ژنی نیعمەتە یان..؟

ڕۆژنامەنوسێك لەوەڵامی نامەی ژنێکدا، بەم گوتەیە دەستی پێکرد "ژن سەرتاپا شەڕە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە دەبێت هەبێت"، دیارە ئەو ڕۆژنامەنوسە چیرۆکی ئەو ژنەی شێواندووەو لەراستیەکانی دورکەوتۆتەوە، تاوەکو جوانیو گەورەیی فرەژنی دەربخاتو بلیمەتی ئەوانەش دەربڕێت کە بانگەشەی بۆ دەکەن.


کورتەی چیرۆکی ئەم ژنە، چەوسانەوەیەتی لەلایەن مێردەکەیەوە کە ژنی بەسەردا دەهێنێت، مێردەکەی داوای ژنێك دەکات کە هەشت ساڵ لەخۆی گەورەترە، پێشتر شووی پێ ناکات، پیاوەش ئەم ژنە دەهێنێتو پاش ساڵێك بەسەر ژیانی هاوسەرییاندا، کە ژنە دووگیانەو لەمانگەکانی کۆتاییدایە، پیاوە ڕەزامەندی یارە کۆنەکەی وەردەگرێتو مارەی دەکات، کاتێك ژنی یەکەم بەم ژن بەسەرهێنانەیدا دەزانێت، دڵشکاو دەبێتو هەست بەشکانی کەرامەتی دەکاتو ئازارێکی زۆر بەو خیانەتەی مێردەکەی دەچێژێتو هەست دەکات ئەو پیاوە شایانی ڕێزو خۆشەویستی ئەم نیە، لەبەر ئەوە داوای جیابوونەوەی لێدەکات، پاش جیابوونەوە ژنە دوچاری دەردەسەرییەکان دەبێتو ناچار دەبێت لەگەڵ پیاوێکدا (بێ مارە کردن) بژی کە خاوەنی دوو ژنەو بیست ساڵ لەخۆی گەورەترە، کاتێك پەیوەندی ژنەش ئاشکرا دەبێت، لەلایەن هەردوو پیاوەوە، مێردە کۆنەکەیو ئەوەی لەگەڵیدا دەژی ڕووبەڕووی لێدانو سوکایەتی پێکردن دەبێتەوە، چیرۆکی ژنە بەوە کۆتایی دێت کە ئامۆژگاری ژنانی دیکە دەکات کە شەرعی خودا قبوڵ بکەنو دەڵێت "ماڵوێرانی لەکەللەڕەقی ژنانەوە دەست پێدەکات، لەنەبوونی لێبوردنی لەوەی خودا بەشەرع پێی بەخشیوەو بۆی حەلاڵ کردووە".

بەڕای من ئەم چیرۆکە لەلایەن ڕۆژنامەنوسە خوداناسەکەوە زێدەڕۆیی تێدا کراوە یان دروست کراوە، بەهەر حاڵ چیرۆکەکە ڕاست بێت یان هەڵبەستراو، ئەو ئازارە دەخاتە ڕوو کە ژن لەکۆمەڵگەیەکدا دەیچێژێت تیایدا ڕێگە بەپیاو دراوە ژن بەسەریدا بهێنێت، لەژێر پەردەی تەنانەت ژنێك لەسەریەکێك لەجێگەکان دەڵێت "فرە ژنی نیعمەتەو هەندێك دەرکی پێناکەن، چونکە هەموو دەزانین ئامانجو ئەو شوو بەپیاوێکی خاوەن ژن بکەن، لەچینی خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانن، خۆ دەشزانن کە ئەو پیاوە لەتوانایدایە ژیانیان بەڕێوە ببات، ئایا شووکردن بەپیاوێکی خاوەن ژن پێویستی بەپەیوەندییەکی باشو شەرعی نیەو ئەوەش لەچاوەڕوانیو گریانو هاتنی قارەمانی خەونەکان لێرەدا قسەی ئەو ژنە کۆتایی هات کە لەپێگەی ئینتەرنێتدا بڵاوی کردبۆوە، ناشزانین ئایا ئەگەر خۆی یان کچەکەی ژنیان بەسەردابێت راو قسەکانی دەگۆڕێت؟!

ئەو ژنانەی داکۆکی لەفرە ژنی دەکەن، دوو جۆرن:

١- یان قەیرەنو دەیانەوێت شوو بکەن، ئیدی لەسەر حسابی ماڵوێرانکردنی کەسێکی دیکە بێت یان بریندار کردنی کەرامەتی ژنێکی دیکە، یان بەچاوێکی سەیرەوە تەماشای کچی شوونەکردو دەکرێت، زۆر ژن ناوێرن کچانی هاوڕێیان ببەنە ماڵی خۆیان، نەوەك مێردەکانیان بفرێنن! واتە ئەم جۆرە دەیانەوێت شوو بکەن ئیدی بەهەر شێوەیەك بێت، تا لەدیدە ناخۆشەکانی دەوروبەر رزگاریان بێت.

٢- ئەوانەی دەسەڵاتیان نیەو چارەسەر بەدی ناکەن، دەزانن مێردەکەیان ژنیان بەسەردا دەهێنێتو بەوەش رازی دەبن، یان خۆیان هەوێکانیان دەست نیشان دەکەن تا ملکەچی ئەم بن، یاخود ئەوانەی لەبەردەست کورتی داوای جیابوونەوە لەمێردیان ناکەنو نایانەوێت بۆ کۆتو بەندەکانی ماڵی باوکیان بگەڕێنەوەو ببنە نێچیری گورگە برسییەکان.



ئەگەر ئەم شێوازی بیرکردنەوەی ژن بێتو ملکەچی شەریعەت بن، کەواتە چاوەڕێی چ هەوڵێکیان لێوەبکرێت بۆ داکۆکیو مافەکانیان، ئەگەر گوێمان لەژن بێت داکۆکی لەفرە ژنی بکات، ئیدی بۆ لۆمەی پیاو بکەین؟ لای هەندێکیش ژن بەسەردا هێنان لەکاری خراپەو داوێن پیسی باشترە.. باشە کە فرە ژنی چاك بێت، بۆچی پێغەمبەر (محەمەد د.خ) رازی نەبوو ئیمامی عەلی ژن بەسەر فاتمەی کچی پێغەمبەر کە ژنی بوو بهێنێت؟ چونکە دەزانێت سوکایەتیو کەرامەت روشانی ژنە، ئیدی چۆن بۆ کچەکەی خۆی قبوڵی ناکات! ئایا ئەوەی بۆ کچی خۆمانمان ناوێت، بۆ کچانی دیکەشمان ناوێت؟ ئەوەی بۆ خۆمان بەخراپەو ستەمی دەزانین بۆ کەسی دیکە بەرەحمەتو دادوەری بزانین؟!

چاکتر نیە.. تاد.

هیوادارم ئێوەی کچانو ژنان بەئەقڵی خۆتان بیربکەنەوە، چونکە زۆر مەسەلە هەیە کە پێویست ناکات گەورە بکرێت، هەندێك لەدایکانو باوکان کە رازی نابن کچی خۆیان بدەن بەپیاوانی خاوەن ژن دەڵێن "نامانەوێت کچەکەمان خۆشی ژیانی خۆی لەسەر حسابی ژیانی کەسێکی دیکە دروست بکات، باشە خۆ خودا هاوسەرگیری حەلاڵ کردووەو لەفرە ژنیدا حیکمەتێك هەیە کە ئەقڵی ئێمە دەرکی پێناکات، کاتێك هەست بەبایەخەکەی دەکەین کە تەورەکە بەسەر سەردا کەوتووە، ئەو کاتەش نە پەشیمانی دادمان دەدات نە هیچ، لەبەر ئەوە هەرچی هاتە خوازبێنی کچەکانتان لەدینو ئاکارو پیشەی بپرسن، ڕەتی مەکەنەوە لەبەر ئەوەی ژنی هەیە، قەیرەیش نەخۆشیەکەو دەبێت لەنێو ببرێت، واتە بەدەستێك چەپڵە لێنادرێت، لەبەر ئەوە بەکەمێك لۆژیکو ڕاستگۆییو ئارامو خۆبەختیەوە کۆمەڵگەکەمان جوانتر دەبێت.. ئا حیکمەتە گەورەیە چییە لەپشت فرەژنیەوە، چونکە پیاو موڵکی تایبەتی هیچ ژنێك نیە، ئیدی هەر ژنێك بێت، وەك چۆن دەبێت ئەم ژنە ماڵو منداڵی هەبێت، هەروەها ئەو ژنو خوشکانەش مافی خۆیانە نیعمەتی ژنێتیو هەستی دایکایەتیان هەبێت، بەڵام کاتێك چەندین کەس فرە ژنیان ڕەتکردەوە، بەتایبەتی ژنان، ڕێژەی قەیرەکان لای ئێمە زیادیان کرد، کاتێکیش ئەو ژنانەی رازی نابن بەژن بەسەردا هێنانو هەست بەکەرامەت رووشان دەکەنو بۆ کڕینەوەی کەرامەتیشیان داوای جیابوونەوە لەمێردیان دەکەن، ڕێژەی جیابۆوەکان زیاتر بوونو منداڵان سەرلێشێواوبوونو چەندین کاریگەری لاوەکی دیکەش، باشە کەرامەت بۆ دەڕوشێت؟ نازانم! چی ڕێگە لەفرە ژنی دەگرێتو بۆ نەبێت!! کە ئەمە مەسەلەیەکی ڕێگەپێدراو بێت، کامە گرفتەکەیە؟ باشە فرەژنی لەقەیرەیی باشتر نیە! لەهەموو کێشەکانی دیکەش چاکتر نیە؟! هەندێك لەکچەکانمان کە ڕازی نیە شەریعەتەوە دادوەریو یەکسانی دەسەپێنێت، لەوەڵامەکەشیدا ڕۆژنامەنووس لەیادی چووە ئەم ژنە قوربانی مێردێکی خیانەتکاری دڵڕەقەو شەریعەتی ڕەگەزپەرستی قۆستۆتەوە بۆ ئەوەی پێی دەبەخشێت، هەر بۆیە لەسەرەتای وەڵامەکەیدا دەڵێت "ژن سەرتاپا شەڕە، شەڕی لەوە خراپتریش ئەوەیە کە هەر دەبێت هەبێت، ئەم گوتەیەش بۆ یەکێك لەخولەفاکانی گەڕاندۆتەوەو دوای ئەوەش دەڵێت "ژنان کەم ئەقڵنو کەم ئاینن، بێجگە لەوە لۆمەی ژنە بەوە دەکات کە ژن هێنانی مێردەکەی ڕەتکردۆتەوەو داوای جیابوونەوەی لێکردووە، لەکاتێکدا کارەکەی شەرعی بووەو ئایین ڕێگەی پێداوە"، نازانم لۆمەی قوربانیەکە بکەینو تاوانبار بخەینە لاوە؟!!

بەداخەوە چەند دەنگێکی بێ ئەقڵ هەن کە پێیان وایە فرەژنی نیعمەتو ڕەحمەتەو تاکە چارەسەرێکی قەیرە بوونی بەربڵاوە، لەوەش ناخۆشتر لەنێو ئەو دەزگانەدا ژنانێکیش هەن کە داکۆکی لەفرە ژنی دەکەن..

## تەنیایم پڕکە لە خۆت

یوسف عەبدوڵڵا

بمبورە ئەی ڕۆح
کاتێك بە تەنیایی
دەتگرێنمو
حیکایەتێکی نهێنی ..
مەرگی خۆمت بۆ
دەنووسم
ئەمشەو لە مەراسیمی
تاریکیو
شێتیو شکستی
ڕوناکیدا
سەرمەستی ئەفسانە
پێچەوانەکانی سروشتم
ئێستا نەناسراوترین
مردووی ئەم شارەم
کەبەر لە ڕۆح کێشان
دەمرمو
پاشان ڕۆح دێو
هەواڵی جەستەی من
دەپرسێت !
جگەقیژە..
هیچ هەواڵێکی دیکە
نابیستێ !
بۆ بینینی ئەم تەنهاییە
لە سێبەری مۆم دوور
دەکەومەوە
تاوەکو ڕوناکی گڕێکم
بەرکەوێ
ئەمە یەکەمین جارە بەب
مانگ..
پرشنگ بۆ من
دەرکەوێ
ژاوەژاو بێتە هەناسەو
هاوار بە سکالایەك
دەربڕم
سیحرێك بۆ ساحیری
ئەم تەنهاییە!
تەنها..
تەنها بە چۆکداهاتنی
ئەژنۆکانو
بەرزکردنەوەی دەستەکانە
بە بێ دەنگی
هەڵکێشانی هەناسەیەکی
ساردە
بۆ زامو خوێنی
گەریدەیەك
کە لە بەرەبەیانێکدا بۆ
پاکبوونەوە هاواری دەکرد
ئەی پرسەدانی
تەنهایی..
وەرە بە نینۆکەکانت
بمرنەوەو
خۆڵەمێشی ئەم ئاگرەت
بەسەرداکەو
بە یەکەم ژوان بمبەخشە.